ئێران داوا لە فەرەنسا دەکات کرداری جیاکاری دژی کۆچبەران و قبوڵنەکردنیان ڕاست بکاتەوە

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران "ناسر کەنعانی" داوای لە حکومەت و پۆلیسی فەڕەنسا کرد دانبەخۆدا بگرن و واز لە توندوتیژی بهێنن و سەرنجی داواکارییەکانی خێپشاندەران بدەن.

کەنعانی وتی، "کرداری جیاکاری دژی کۆچبەران و قبوڵنەکردنیان و ڕاستنەکردنەوەی ئەو مامەڵەیانەی دژیان لەلایەن هێندێک لە وڵاتانی ئەورووپاوە بووە هۆی دروستکردنی بارودۆخێکی نەگونجاو بە هاوڵاتیانی ئەورووپا، بە فەڕەنساشەوە، هەروەها ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە حکومەتی فەڕەنسا ڕێز لە بنەماکانی شکۆی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین و مافی خێپشاندانی ئاشتیانەی هاوڵاتیان بگرێت و بە شێوەیەکی هەمەکی مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیانیدا بکات".

وتیشی، "ئێران لە نزیکەوە چاودێری ڕووداوەکانی ئێستای فەڕەنسا دەکات و داوا لە هاوڵاتیانی دەکات دوودڵییەکی ناپێویست نەکەن لەو شار و ناوچانەی کە پێکدادانەکان بەهێی بارودۆخی ناسەلامەت و پێشبینی نەکراوەی فەڕەنساوە ڕووددەدات، هەروەها داواش لە هاوڵاتیانی ئێران دەکات خۆیان بەدووربگرن لە گێشتکردن بە فەڕەنسا بە پێی ئەو دۆخەی ئێستا هەیە".